KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
2-9-2007 22:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بۆ کۆنگرە ... ئەحمەد محەمەد ئابلاخی*‌**

ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لەخۆئامادە کردندان بۆ بەستنی کۆنگرە، ئەوەی ئاشکرایە کاتی دوو



لایەنییەکە، واتە بوونی دوو ڕێکخراوی ڕۆژنامەنوسان کە یەکێکیان لە هەولێر و ئەوی تریان لە سلێمانی دروستبوو بوو، هەریەکەیان کۆنگرەی خۆی گرتبوو، دواتر کۆنگرەیەك گیرا، بەڵام کۆنگرەی سەرتاسەری نەبوو بۆ زیاتر پیاچوونەوەی کارەکانی پێشوو دانانی پلان بۆ داهاتوو، بەڵکو ئامانجی سەرەکی یەکخستەوەی ئەو دوو ڕێکخراوە بوو لەیەك ڕێکخراودا، جا ئیتر نازانم ئەمەی ئەم چەند ڕۆژەی داهاتوو کە بەنیازن ئەنجامی بدەن ناوی دەنێن کۆنگرەی دووەم یا سێهەم، ئەمەیان گرنگ نییە، گرنگ مامەڵەکردنی ئەو کۆنگرەیەیە لەگەڵ ئەمری واقعدا، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمرۆ بەپێوانەی ئەمڕۆ نەك چەندین ساڵ لەمەوبەر، بۆ ئەو مەبەستەش سود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی لەخۆمان پێشکەوتووتر کارێکی باشە، ئەمڕۆ بمانەوێ و نەمانەوێ لە دەرەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی حیزبەکان کەناڵی تر هەیە، لە دەرەوەی ڕۆژنامە کوردستانییەکان، ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی هەیە، ئەگەر پێوانەیەك هەیە ڕۆژنامەنوسێکی ڕۆژنامەی کاغەز پۆلێن ئەکات بۆ بەشدار و کارا یا بڕیاری ئەوە ئەدات ڕۆژنامەنوسە یا نا ئەبێت بەهەمان پێوانەش مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنوسانەدا بکرێت کە ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنیان هەیە، هەڵبەتە هەر ئێمەی کوردنین ڕۆژنامەنوسی ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنیمان هەیە، بەڵکو گەلانی تر و وڵاتانی تریش هەن، بۆیە ئەڵێم پێوستە سود لە ئەزموونی گەلان و وڵاتانی تر وەربگرین، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر کۆمەڵێك ڕۆژنامەنوس هەن ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانن، بەڵام لە سەندیکاکەیان تۆراون، بێگومان هەریەك لەوانە کە هەندێکیان کەوتونەتە دروستکردنی گروپی ڕۆژنامەگەری وەکو ڕۆژنامەنوسانی ئازاد و گروپی ڕاچەنین کە هەندێك لەوانە بەئەرك و پیشە وەك ئێمە ڕۆژنامەنوسن و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان نین کە دیارە زۆریان خۆیان داوای بوون بەئەندامبوونیان نەکردووە، بۆیە بوونیان لە دەرەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان تاوانی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی تیا نییە، بەڵام ئەبێت سەندیکا گوێیان لێبگرێت، ڕاز و گلەییەکانیان بەهەند بگرێت تا ئاستی جێبەجێ کردنی داوا بەجێکانیان، بۆیە من وەك پێشنیارێك بەباشی ئەزانم کۆنگرە لەکاری داهاتویدا لیژنەی پسپۆڕ بۆ ئەو مەبەستانە دیاری بکات و پەیوەندی بەو گروپ و دەستانی دەرەوەی ڕێکخراوەکە بکات و هەروەها بەئەندامبوونی ڕۆژنامەنوسانی ئەلەکترۆنیش بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، هەروەها هەندێك لە مامۆستایانی کۆلیژی ڕاگەیاندن و هەندێك لە دەرچووەکانی ئەو کۆلێژانەش خەریکن بۆ دروستکردنی گروپێك و خۆ جیاکردنەوە وەك کەسانی ئەکادیمی، بەلای منەوە ڕۆژنامەنوس ئەوەیە کە کاری ڕۆژنامەگەری ئەکات نەك ئەوانەی کە پسپۆڕی کاری ڕۆژنامەگەرین، بەڵام لە حاڵی حازردا ڕۆژنامەنوس نین، واتە لە کەناڵێکی ڕاگەیاندندا کار ناکەن، ئینکاری لە پسپۆڕی و شارەزایی ئەو بەڕێزانە ناکرێت، بەڵام ئەکرێ خزمەتی گەورە بەبزافی ڕۆژنامەگەری کوردی بکەن چ وەك بەشداربونیان لە سەندیکای ڕۆژنامەنوسان و خۆ جیاکردنەوەیان چ وەك نزیك بونەوەیان لە دەسگا ڕاگەیاندنەکان وەك شارەزاو پسپۆری خۆیان بخەنە کار بۆ ڕاستکردنەوەی دەیان و سەدان هەڵە کە ڕۆژنامەنوسان تێئەکەوێت هەر لە ئامادەکردنی هەواڵێکەوە تا ڕێپۆرتاژ و تا گۆشە نوسین و تا کاری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەخشەسازی و پەیامنێری، بۆیە دەخوازم لیژنە ئامادەکردنی کۆنگرە لەگەڵ ئەم بەڕێزانەش پەیوەندی بکات و بانگهێشتی کۆنگرەیان بکات.

*سەرنوسەری رۆژنامەی رۆژانەی سلێمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.